# تۆپەڵە قوڕەکان



ساقی بارزانی

www.klawrojna.com

ڤیرجینیا - ئەمریکا

به فەرمانی عەشقێکی  بێ ئۆقرەی یاخیبوو خولقێنراین

هەر بەو عەشقەش هەلخەڵەتێنراین ! و

ڕاونراینە نێو گەردوونێکی خۆڵاوی

کام ڕازە بوو دزەی کردە نێوان،

سکاڵای عەشق و ژیان...؟

عەشق و مردن ......؟

کام بڵێسەی خۆشەویستی بوو،  قوڕی جەستەمی سازاند  ؟

.....تەرمی  قوڕیی یاخیشی کردمە قەقنەس

بۆ ڕاستکردنەوەی کام ئەفسانە خولّقێنراین ؟

ئەو کاتەی گڕی بوون تۆفانێک ووشەی یاخیی ئاخنیە باڵەکانی ڕۆحم  ،

کام سێبەر بوو لە گەردوون تووڕە بێت و ماچم بۆ بێنێ  بە دیاری؟

کە لە نووتەکی ڕەهاییدا فڕێ دراین،

❉  بۆ "پرۆمتەی قەفقازەکان

ساباتی کام گوڵجاری ئەڤین ئۆقرەی داین ؟

❉❉❉

لە بەرەهووتدا،

ئێمە نەمردین و خۆمان خۆمان خولّقاندەوە

خۆمان بووین بە من و منیش بەخۆمان!

ئێمە نەمردین و  لە  پاڵ چنارە بەژن زراڤەکانی مەبهوت ،

ئێشکچی کازیوە بووین  !

ئێمە نەسووتاین ، لە دۆزەخدا کۆیلەی فریشتەکان بووین و

لەسەر زەمینیش قامچی زەمینییەکان!

بۆ سیسەگوڵەکانی ئەڤین کانیاوێکی تێنوو بووین   !

و ڕۆحە ڕاونراوەکانمان کردە چەپکە گوڵێک

بۆ قوربانیی هەڵەی تۆپەڵە قوڕەکان .

کە لە ئەبەدیەتێکی بێڕێنوومای بێ زەمەن

گێنگڵمان دەخوارد ،

! ئەستێرەمان دەکردە پەیڤ

! مانگەکان بە چاویلکە

بە دووی گەردوونێک دا وێڵ بووین ،

بە لێشاوی حەزی ئاگرین

!!بۆ ؟؟

دەگەڕاین؛

بۆ ترووسکەیەک زەردەخەنەی ئاسمانەکان!

بۆ ساتەکانی سک پڕبووی ئۆمێدە وونەکان!!

دەسووتاین،............ بە ئاوازە حەزینەکانی شەونم و

دەگریاین،........ بە ڕووبارەکانی وەهم، کە دەچۆڕایەوە

نێو ......... پانتایی خەوە بزماریەکانی عیسا !

تا دوا سرنج.......... ترازاین!

تا دوا هێڵی سنوورەکانی قەدەغەکراوی گەردوون.......... ڕاونراین!

لێ گەڕاینەوە ناو شەپۆلەکانی تەمەنی نوح

بەرەو نووچدان........بەرەو نسکۆ ......... بەرەو مردن!

ڕەها کراین ......هەپروون هەپروون کراین و

نەمردین و

هەر گەڕاینەوە ...

❋❋❋

نەبووین بە کەس و نەش  دەمردین

نەبووین بە یەک !

هەر هەموومان خۆمان ژمارد نەبووین بە یەک .....هەر سفر بووین !!

ئێمە  پەرتەوازەی عەدەم بووین

و لە زبڵدانی ئاسمانەکانا تۆپەڵە قۆڕێ

بە ئاوەژوویی،   فڕە دراینە سەر زەوی

❋❋ بووینە مەعدوومەکانی زەمین

بووینە  چزی بنبەستی نەمان بۆ پاراستنی زەمینیەکان

لە تووڕەیی خواوەندەکان

❋❋❋

ئێمە کێ بووین ؟؟؟

سرووده خەزانیەکانی تەمەنی  پێگەییوی قودسیەت

گوناهە نەدیترا و نەکراوەکانی ئەبەدیەت

ئێمە  چی بووین ؟

کەرەسەی داستانێکی نەووتراوی حەقیقەت ،

پەڵکە زێڕینەیەک لە خەوەکانی ماچ ,

ئوستورەیەک بۆ ڕوونەداو و  نەووتراوەکان

گومانە بزربووەکانی یاخیبوون

سەمایەک لە حەزینترین سترانەکانی گەردوون

***

ئێمەین لە بەرایی مێژوو  تا دواترین ساتەکانی وێڵین

لە بنبەستێکی بێبن و  گرێ کوێرەیەکی بێکۆتایین

تۆزی مێژوو بەسەر ڕۆحمانا ئاڵاوە

لە  پیرۆزییەکی ونبوودا ونین...!

لە ناو خەونێکی قووڵدا خەوتووین

بێ سڵەمینەوە لە ترسی  دۆزەخ و هەڵپرووکان و شێتی

بووینە  سەرابێکی نامۆی ئەفسوناوی ،

لە  کڕێوەی زستانێکی بێ ئۆمێد.

بەستەڵەکێکی  بەهارین

***

ئێمە قەت نامرین

چەند بزر بن ئاواتەکانمان،چەند بەسوێ بن ژانەکانمان

لە نێو شەختەی زەماندا و

لە دوتۆی مان و نەماندا

لە نووتەک و لە مەرگستاندا

سەر دەنێینەوە و دەڕوینەوە،

بۆ سەرچاوەی تۆپەڵە قوڕە زەمینییەکان

و بە پانتایی عەشقێکی وونی خواوەندی

بە گەورەیی گەردوون

خۆمان دەدۆزینەوە

و

دەبینەوە خۆمان

و خۆمان خۆمان ناودەنێینەوە

و خۆمان چارەنوسمان دەنەخشێنین

ئێمە ئەوانەین بە عەشق هاتووینە و بە عەشق سەردەنێینەوە بۆ ئەبەدیەت

و داستانی تۆپەڵە قوڕەکان ڕاست دەکەینەوە!!

ئاماژەیەکە بە فەلسەفەی ئەستورەکانی یۆنان سەبارەت بە چونێتی خوڵقاندنی مرۆڤ و کوێلە بوونی بە دەست※ خواوەندەکانی . ئەو کاتەی خوای زئوس بە دزیەوە ئاگر - پرۆمتە  دەداتە مرۆڤ بۆ ڕزگاری لە تاریکی، خواوەندەکانیتر ئەو خوایە مەنفا دەکەنە سەر شاخەکانی سارد و سڕی قەفقاز و لاشەخۆرێک ڕۆژانە جگەری دەخوارد و بە شەو دووبارە دەڕواوە..  لێرە مەبەست  لەو ئاگرە -  درک و شعورە - کە درا بە مرۆڤ و مرۆڤی پێ یاخی کرد.

ئاماژەیە بە کتێبی فرانتیز فانون "نەفرەت لێکراوانی سەر زەوی -  "Les Damnes De La Terre" ※※